وەزیری دەرەوەی ئەمریکا: پەیوستە مافی هەموو پێکهاتەکانی سووریا پارێزراو بێت



وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی وەزیری دەرەوەی وەاتکە لەگڵ مەزڵووم عەبدی و وەزیری دەرەوەی سووریا باوکردەوە.

لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، کۆبوونەوەیەکی سەقڵی لەنێوان مارکە روبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئەسعەد شەیبانی، وەزیری دەرەوەی سووریا و مەزڵووم عەبدی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەد) بەڕێوەچوو. ئیلهام ئەحمەد، هاوسەرۆکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەریش، لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوو.

تەمی پیگەت، جێگری گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە راگەیەنراوەکدا ئاماژەی بۆ داوە، "لە کۆبوونەوەکەدا، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختی لە پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردووەتەوە بۆ سووریایەکی سەقامگیر کە لە ئاشتی و تەباییدا بێت لەگڵ وەاتانی دراوسێی و تێیدا مافی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان پارێزراو بێت."

لە راگەیەنراوەکەدا هاتووە "مارک روبیۆ پێشوازی لە پابەندبوونی حکوومەتی سووریا کردووە بۆ هاوکاری تەواو لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی ڕێکخراوی داعش."

تەوەرێکی گرنگی دیکەی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە دۆخی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. لەم ڕووەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختی لە گرنگیی جێبەجێکردنی "ئاگربەستی هەمیشەیی" و "ڕێککەوتنی تێکەڵکردنەوە" لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات کردووەتەوە، بەجۆرێک کە پاراستن و ڕزگرتن لە مافی سەرجەم هاووڵاتیانی سووریا مسۆگەر بکات."